گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی گازی سروشتی لە هەمەجۆرکردنی ئابووری هەرێمی کوردستان

**هاوڕێ لطیف مجید**
بەشی ژمێریاری، پەیمانگای تەکنیکی کوردستان، زانکۆی قەیوانی نێودەوڵەتی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان, عیراق
hawre.latef@kti.edu.krd

**هەژار عمر محمد**
بەشی کارگێڕی یاسا، کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
hazharbus@gmail.com

**بێستون محمد قادر**
بەشی کارگێری نەوت و گاز و وزە، کۆلێژی کارگێڕی و سامانە سروشتیەکان، زانکۆی چەرموو سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عیراق
beston.muhammed@charmouniversity.org

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/٣/١٢
پەسەندکردن: ٢٠٢١/٥/٢٦
بڵاو کردنەوە:هاوینی ٢٠٢١

**ووشە سەرەکییەکان**
Natural Gas, Economic Diversification, Marketing, Electricity Production

## پوخته

بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ووزە لەجیهاندا رۆژبەرۆژ لەزیادبووندایە بەتایبەتی گازی سروشتی، هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بەگازی سروشتی بەجۆرێک خاوەنی رێژەی(5.6) ترلیۆن مەتر سێ جایە، ئەم ریژەیە ئەکرێت ببێت بەسەرچاوەی داهات و رۆڵی هەبێت لەهەمەجۆر کردنی ئابورییدا. گاز سەرچاوەیەکی بەنرخە بۆ بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا و چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا لەهەرێمی کوردستان-عێراق.
توێژینەوەکە لەچوارچێوەی رێچکەی وەسفی بۆ گەیشتن بەزانیارییەکان و بەبابەتی توێژینەوکە، میتۆدی شیکاری ناوەرۆک بەکارهاتووە بۆ هەڵسەنگاندنی گازی سروشتی و شێوازی بەبازاڕکردنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Doi:
10.25212/lfu.qzj.6.3.40

لەسەر ئاستی ناوخۆی و هەرێمایەتی و جیهانی. هەروەها بەبازاڕکردنی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان و فەراهەم کردنی ژینگەیەکی لەبارە بۆ وەبەرهێنان.

## پێشەکی

جیهان لەبەکارهێنان و وەبەرهێنان، لەسێکتەری وزە بەردەوام لەبەرە و پێشجوونیدایە، بەتایبەت لەکۆتاییەکانی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەک، ئەمەش بەهۆی زیاد بوونی پێداویستیە مرۆییەکان و زیادبوونی پێداویستی پیشەسازی و کارگەکان و بوون ویستی دەوڵەتە زلهێزەکانی ئابوری، کە بەردەوام لەهەوڵی فراوانخوازی زیاتر و بەدەست هێنانی هێز و پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان، سێکتەری وزە پانتاییەکی گەورەی داگیرکردووە لەبەرەوپێش چوونەکان، گازی سروشتی یەک لەو هۆکارانەیە کە خواست بۆ بەکارهێنانی بەردەوام رووی لەزیادبونە، ئەمەش بەهۆی ئاسانی بەکارهێنان و گواستنەوە و عەمبار کردن و کەم زیان گەیاندن بە ژینگە و کەمی پاشەڕۆی...هتد، لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراق و لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە سیستمی سیاسی، ئابووری، کارگێڕی و هتد.. هاتنە ئاراوە.

کوردستان وەک هەرێمێک لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە سەرچاوە سروشتییەکان، گازی سروشتی یەکێکە لەگەورەترین بنەماکانی سامانی سروشتی لە جیهاندا جگە لە خەڵوز و نەوت، لە سەرەتادا گاز وەک وزە بەکارنەهاتبوو، بەهۆی سەختی گواستنەوە و تێچونی زۆر لەسەر هەرێمی کوردستان، وزەی گاز لە بواری بازرگانی ئابووری دا تائێستا بەشدار و کاریگەر نەبووە لەپەرەپێدانی ئابووری و سوود لەفرۆشتنی وەرنەگیراوە لەپێکهێنانی بوودجەی عێراق و هەرێمی کوردستان، هەروەها لە بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕی دەرەکی و یان لەدابینکردنی پێداویستی وزەی ناوخۆیی بەشێوەیەکی کۆنکرێتی.

لە ئەنجامی گەڕان و پشکنینی چەندین کۆمپانیای بیانی، بەتایبەت کۆمپانیای دانا گاز کە بەیەکێک لەگەورەترین کۆمپانیا بیانیەکان دادەنرێت کە زۆرترین وەبەرهێنان دەکات لەهەرێمی کوردستان، لەبواری گازی سروشتی، دەرکەوتووە جگە لە نەوتی خاو یەدەگێکی زۆری گازی سروشتیش لە ژێر خاکی کوردستاندا هەیە، کە دەتوانرێت سودیان لێوەربگیرێت بۆ مەبەستی پیشەسازی و

وەبەرهێنانی کارەبا، و لە داهاتوشدا دەتوانرێت وەکو سەرچاوەی پیشەسازی پترۆکیمیاوی بەکاربهێنرێت، ئەمە جگە لەوەی دەتوانرێت بەشێک لە پێداویستی و خواستی ناوخۆیی عێراق و وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و تورکیا دابین بکات. سەرەتا لە ساڵی (2007) بە ڕێککەوتن لەگەڵ کۆنسۆرتیۆمی کۆمپانیاکانی (دانا گاز، هیلال، پیترۆلیۆمی نێودەوڵەتی و پێرڵ پترۆلیۆم) بۆ بەرهەمهێنانی گازی سروشتی، و لە ساڵی (2016) دا بەرێککەوتن لەگەڵ یەکێک لە کۆمپانیا گەورەکانی خاوەن سەرمایە "روسنەفت" رێککەوتنی سەرەتایی کردووە، بۆ دروستکردنی بۆرییەکی گواستنەوەی گازی سروشتی بۆ تورکیا و ئەوروپا.

بەکارهێنانی گازی سروشتی لە جیهاندا بەشێوازێکی خێرا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە زیادبوندایە، بەشێوەیەک لە ساڵی (2012)-دا بڕی (120) تریلیۆن پێ سێ جای لێ بەکارهاتووە، بەڵام ئەم ژمارەیە بۆ نزیکەی (203) ترلیۆن پێ سێ جا ئەگەری زیادکردنی هەیە لە ساڵی (2040)-دا. بەکارهێنانی گازی سروشتی بۆ مەبەستی پیشەسازی (1.7%) زیاد دەکات لە ساڵێکدا، بەڵام ئەم ژمارەیە بۆ کارەبا دەگاتە (2.2%)، بەجۆرێک (73%)ی بەکارهێنانی گازی سروشتی بەمەبەستی پیشەسازی و بەرهەمهینانی کارەبا دەبێت لەساڵی 2040- دا.

لە ساڵی (2018) لە کۆی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وزە لە جیهاندا، بەکارهێنانی گازی سروشتی بە ڕێژەی (24%) و بەکارهێنانی خەڵوزی بەردین بەرێژەی (27%) و بەکارهێنانی نەوت بە ڕێژەی (34%) بووە. زۆربەی ئەو گازە سروشتییەش بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بووە بەرێژەی (34%) و بۆ سێکتەری پیشەسازی بەرێژەی (31.3%) بووە، بەکارهێنانی لە سێکتەری نیشتەجێبووندا بەرێژەی (20.7%) و بەمەبەستی بازرگانی بەرێژەی (13.8%) و بۆ بەگەڕخستنی ئامێرەکان بەرێژەی (0.15 %)بوو.

گازی سروشتی لەگرنگترین هۆکارەکانە بۆ پێشخستنی کارگەو کارخانەکان و پێش خستنی ڕەورەوەی ئابوری لەسەرانسەری جیهان، هەرێمی کوردستانی عێراق، یەکێکە لەدەوڵەمەند ترین ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ سەرچاوەکانی وەزە و بەتایبەت گازی سروشتی، ئامانجی زۆرێک لەوکۆمپانیا فرەڕەگەزەکانە کە وەبەرهێنان لەسێکتەری وەزەی هەرێمی کوردستان بکەن، هەوڵ ئەدەن دەروازەکانی گەیشتن بەم سەرچاوە بەنرخە بەدەست بهێنن.

توێژینەوەکە لەدوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم، بواری میتۆد- بەشی دووەم لە دوو تەوەر پێکهاتووە. تەوەری یەکەم شی کردنەوە بۆ ڕۆڵی گازی سروشتی لەهەمەجۆرکردنی ئابووریدا دەکات، تەوەری دووەم لەسێ سیناریۆدا باس ستراتیجی بەبازاڕکردنی گازی سروسشتی لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی نێودەوڵەتی دەکات هەروەها ستراتیجی  وەبەرهێنانی ووزەی کارەبا هەڵدەسەنگێنێت و میکانیزمی ئاڵوگۆر رووندەکاتەوە، لەئەنجامدا پوختەی سیناریۆکان پەسەند دەکات و پێشنیاز بۆ رۆڵی گازی سروشتی لە هەمەجۆری ئابوری دەخاتە ڕوو.

## بەشی یەکەم

### یەکەم/ ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لەهەڵسەنگادنی یەدەگی گازی سروشتی لەهەمە جۆرکردنی ئابووریدا، هەروەها بەدواداچوون بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ سەرچاوەکانی وزە و چۆنێتی و توانای وەبەرهێنان بۆ وزەی کارەبا لەهەرێمی کوردستان و پاشان دانانی ستراتیج و میکانیزمەکانی وەبەرهێنانی گازی سرۆشتی و فرۆشتنەوەی بە عێراق، لەگەڵ ئەوەشد توانای سەرچاوەکانی ووزەی هەرێم بۆ بەبازارکردنی لەسەر ئاستی بازاری نێودەوڵەتی و پرۆسێسی ستراتیجی هەناردەکردنی گاز بۆ تورکیا و پاشان هەڵسەنگاند بۆ وولاتانی یەکێتی ئەوروپا، لەگەڵ ئەوەشدا چۆنێتی  مامەڵەکردنو دانان و میکانیزمێکی گونجاو بۆ بەبازاڕکردنی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان.

### دووەم/ گرنگی توێژینەوەکە

بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی زانستی  بۆ سێکتەرە جیاوازەکانی ئابوری، کارێکی گرنگ و لەپێشینەیە بۆ هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لەسێکتەری وزە، لەبەرئەوەی لەئێستادا هەڵکشان و داکشانی زۆر لەبازاڕی نێودەوڵەتی هەیە،  کوردستان بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە هەنارده و فرۆشتن و داهاتەکانی سێکتەری ووزە دەبەستێت بەتایبەتی نەوتی خاو، کە بە شادەماری داهاتی گشتی و پرکردنەوەی خەرجی گشتییەکانە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەکرێت پشت بە دەرئەنجام و پێشنیازەکانی ئەم توێژینەوەیە ببەسترێت لەپێناو هەمەجۆرکردنی داهاتی گشتی لەهەرێم کوردستان و زیاتر گرنگی بەگازی سروشتی بدرێت بۆ بەهەرم هێنانی کارەبا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سێهەم/ میتۆدی توێژینەوەکە

ئـەم توێژینەوەیـە وەک جـۆر دەچێتـە خانـەی توێژینـەوە وەسـفییەکانەوە کەرێچکەیەکی گونجـاوە بـۆ گەیشـتن بەزانیارییـەکان و چەمکەکان و بەبابـەتی توێژینەوکـە، وەک میتۆدیـش، میتـۆدی شـیکاری نـاوەرۆک بەکارهاتـووە بۆ هەڵسەنگاندنی گازی سروشتی و شێوازی بەبازاڕکردنی لەسەر ئاستی ناوخۆی و هەرێمایەتی و جیهانی، هەروەها چۆنێتی بەکارخستن و ئاڕاستەی سەرچاوەکانی وزە لەبازاڕی سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنان لەبواری کارەبا و لەکوردستانی عێراق شی دەکاتەوە، پاشان ئەم توێژینەوەیە هەوڵی وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە دەدات، کە وەبەرهێنان لەسێکتەری وزە چۆن دەکرێت رۆڵی هەبێت لەهەمەجۆرکردنی ئابوری و سەرچاوەکانی داهات.

## چوارەم/ گرفتی تویژینەوەکە

فراوانخوازی و بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ووزە رۆژلەدوای رۆژ ڕوو لەهەڵکشان دەکات، بەجۆرێک وولاتانی خاوەن سەرمایە توانا ئابورییەکانیان بەکاردەهێنن بۆ دەست گەشتنیان بەسەرچاوەکانی ووزە لەهەرچ شوێنێکی جیهاندا بێت، هەرێمی کوردستان – عێراق، ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بەسەرچاوەکانی ووە، بەتایبەتی گازی سروشتی، بەهۆی ئەوەی لەپرۆسێسی بەرهەم هێنان و بەبازاڕکردن و فەراهەم کردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ راکێشانی سەرمایە و هەناردەکردن، لەسەرەتایی قۆناغێکی نوێدایە، لەبەر ئەوە زۆرجار کێشەی نەبوونی زانیاری و داتای پێویست بە توێژینەوە و بەدواداچوونی زانستی دروست ئەبێت، سەرەڕای نەبوونی شەفافیەت چۆنێتی ستراتیج و میکانیزمی وەبەرهێنان رۆڵی ووزە لەئابوریدا.

## پێنجەم/ پرسیاری توێژینەوە

بەهۆی بوونی ڕێژەیەکی ئێجگار زۆری سەلمێنراو لە یەدەگی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان، ئایا دەکرێت سەرچاوەیە ڕۆڵی هەبێت لەهەمەجۆر کردنی ئابوری هاوشانی داهاتە نەوتیەکانی داهاتی گازی سروشتی دەستی حکومەت بکەوێت؟ ئایا زەمینەسازی ناوخۆیی لەبارە بۆ ئەوەی وەبەرهێنان

بکرێت لەگازی سروشتی، لە پێناو بەرزکردنەوەی بەرهەم هێنانی کارەبا و هەناردەی کارەبا بۆ بەدەست هێنانی فرەیی سەرچاوەکانی داهات لە ئابووری هەرێمی کوردستا؟ پاشان چی میکانیزمێک پێویستە؟ ئایا دەکرێت گازی سروشتی ببێت بەفاکتەرێکی بەهێز بۆ بازرگانی نێودەوڵەتی و ڕاکێشانی کۆمپانیا گەورەکانی بواری بەرهەم هێنانی ووزە بۆ هەرێمی کوردستان؟.

### شەشەم/ سنوری توێژینەوەکە

سەرچاوەکانی ووزە لەهەرێمی کوردستانی عێراق، بەتایبەتی گازی سروشتی لە زۆنە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان لەڕوی ڕێژەی وەبەرهێنان و توانای هەناردەکردن، پاشان تیشک دەخاتە توانای وەبەرهێنانی گازی سروشتی بۆ بۆ بەرهەمی کارەبا بۆ ناوخۆی هەرێمی کوردستان و هەناردەی بۆ عێراق، لەچوارچێوەی توێژینەوەکە تیشک دەخرێتە سەر ڕێکەوتنەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وڵاتی تورکیا و وڵاتانی ئەوروپا.

## بەشی دووەم

### باسی یەکەم/ گازی سروشتی لەهەمەجۆرکردنی ئابووریدا

هەمەجۆرکردنی ئابووری، پەرەپێدانی ئەو سیاسەتانەیە کە پشت بەستن بە یەک سەرچاوەی داهات و (ئابوری ریعی) کەم دەکاتەوە بۆ پێکهێنانی GDP، واتە پەرەپێدانی سێکتەرە جیاوازەکانی ئابووری و کەرتە ناهایدرۆکاربۆنی وەک خزمەتگوزاری و پیشەسازی و گەشتوگوزار و کشتوکاڵ ڕوودەدات[1]، بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەی نوێی داهاتی حکومەت. جۆراوجۆربوون پرۆسەیەکی ئاڵۆز و چڕە کە پێویستی بە گۆڕانکاریی پێکهاتەیی ڕاستەقینە هەیە لە ئابووریدا. لەوانەیە لە ناو یەک سیکتەردا ڕووبدات وەک وزە، گۆڕینی سەرچاوەکان و وەبەرهێنان لەنەوت و گازی سروشتی، دروست کردنی گۆڕانکاری وەک پێکهاتەو بەرهەمەکانی سوتەمەنی وەک وزەی نوێنەبووە وە بۆ ووزەی نوێ یان جێگرەوە و جۆراوجۆربوون[2]، هەروەها بە کردنەوەی کەرتە ئابورییە نوێکانی ناهایدرۆکاربۆن بۆ گەشەپێدان ڕوودەدات وەک خزمەتگوزاری، دارایی، گەشتیاری و میدیا یان بە گۆڕینی وەبەرهێنان لە سێکتەرێک بۆ بەشێکی تر، زۆرجار لە سەرەتاییەوە بۆ ناوەندی و کەرتە کانی تر بۆ زیادکردنی بەهای بەرهەمە نەتەوەییەکان.

هەمەجۆری ئابووری، مەترسیە ئابووری و داراییەکان کەم دەکەنەوە بە جۆرێک زۆرجار لەگەڵ خواست و بەرزبوونەوە و نزم بوونەوەی نرخەوە پەیوەستن. لە بازاڕێکی ناسەقامگیر و چاوەڕوان نەکراودا وەک وزە، جۆراوجۆربوون چارەسەری ئاسودەیی و کرداری دابین دەکەن، بۆ قەرەبووکردنەوەی دابەزینی نرخی نەوتی نێودەولەتی[4]. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سیاسەتانەی دادەنرێت لە بەدەستهێنانی هەمەجۆری ئابوری ، وا دەکەن بەشدارییەکی زیاتر لە کەرتی تایبەت لە گەشەپێدانی ئابووریدا بە باشی بەدەست بێت[3].

بازرگانی کردنی گازی سروشتی ئەو ستراتیژە هاوشێوەیانەی تێدایە کە بۆ ئاڵوگۆڕ بە کاڵاکانی ترەوە بەکار دەهێنرێ، وەک زێڕ و نەوتی خاو، هەروەها چەند فاکتەرێک هەیە کەکاریگەری لەسەر نرخی گازی سروشتی هەیە- وەک کەشوهەوا، کۆگا، دابینکردن و داواکاری. هەروەها بەهۆی ئەوەی گازی سروشتی سەرچاوەیەکی گرنگە سەرنجی گەورە کۆمپانیاکانی وەک BP و ڕۆیاڵ هۆڵد شێل و هەروەها گەورەترین بەرهەمهێنەری گازی سروشتی لە جیهاندا گازپرۆم ڕائەکێشێت[5].

هەرێمی کوردستانی عێراق، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس (2003) ەوە، لەلایەک بازاڕێکی تازەیە بۆ وزە و کۆمپانیا فرەڕەگەزە نێودەوڵەتیەکان، کە بە لێشاو ڕووی تێدەکەن، لەلایەکی تریشەوە، بە پێی دەستور (عێراق)، بەرپرسیارێتی پەرەپێدانی سامانە سروشتییەکانی هەرێم بە پێی ماددەکانی (111 - 112 - 115 - 121) ی دەستوری عێراق کەوتۆتە دەستی ئەنجومەنی نەوت و غازی هەرێم، لەژێر ڕۆشنایی یاسای ژمارە (22ی ساڵی 2007) ی پەرلەمانی کوردستان کە لەهەمان ساڵدا کەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە.

کوردستان لە ڕووی جوگرافیای سیاسی و جوگرافیای وزەوە گرنگتر و بەبایەخە[6]، چونکە هەموو جیهان خاوەنی نزیکەی (187) ترلیۆن و (300) میلیارد مەتر سێجا گازی سروشتییە، کوردستان بەو ڕێژەیە دەچێتە ڕیزبەندی نۆیەمین گەورەترین وڵاتی خاوەن یەدەگی گازی سروشتی و لە دوای ڤەنزوێلا کە خاوەنی نزیکەی (5) ترلیۆن و (724) ملیار و (500) ملیۆن مەتر سێجا گازی سروشتییە، دەکەوێتە پێش نەیجیریا کە خاوەنی نزیکەی (5) ترلیۆن و (100) ملیار مەتر سێ جا گازی سروشتییە. هەرچی وڵاتانی روسیاو ئێرانە کەخاوەنی زۆرترین گازی سروشتین لەجیهاندا لە رووی جوگرافیاوە نزیکن لە ئەوروپاو تورکیاوە بەڵام کیشمە کێشی سیاسی و دوور کەوتنەوەو


ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لیکنزیکبونەوەی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ڕۆژئاوا و ناسەقامگیری سیاسیان وایانکردووە بازاڕێکی جێگیر نەبن بۆ ئەوروپا و تورکیا و ئەم دوو جوگرافیایەش هەم ئەوروپا و هەم تورکیا یەدەگ و بەرهەمهێنانی گازی سروشتییان زۆر کەمە و هاوردەکردن و بەکاربردنیان زۆرە.

هەرێمی کوردستان چەندکێڵگەی گرنگی گازی سروشتی هەیە لەهەردوو سنوری پارێزگای سلێمانی و هەولێر، لە ساڵی (2017) توانای بەرهەمهێنانی رۆژانەی گازی سروشتی لەلایەن کۆمپانیای دانا گاز و هاوبەشەکانییەوە لە کێڵگەی کۆرمۆر لەسنوری پارێزگای سلێمانی، بریتی بووە لە نزیکەی (300) مەقمەق، بەڵام بەپێی رێککەوتنە نوێیەکەیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان توانای بەرهەمهێنانی گاز لە لایەن پێرڵ دەبێت زیاتر بکرێت بە توانای (500) مەقمەق واتا برەکەی زیاد بکرێت بۆ (830) مەقمەق لە رۆژێکدا.

یەدەگی گازی سروشتی بۆ یەکەم جار لە کێڵگەی کۆرمۆر لەنزیک چەمچەماڵ سەلمێنران[5]، پشکی دانا غاز لە یەدەگی کۆرمۆر و چێماخەملڵ 4،P 42 تریلیۆن پێ سێجا گاز (2016: Tcf 5.3) و 136 ملیۆن بەرمیل کۆندێنسەت (2016: 109 مبلس) و 13،3 ملیۆن تەن مەتری گازی LPG و 18 ممبڵ نەوتی، هاوتای MMboe 1087، بەراورد بە MMboe 990 لە نیسانی 2016. ئەمەش ئەوە پشتڕاست دەکات کە ئەو کێڵگەی دەکەونە سنوری هەرێمی کوردستان و ناوچەی چەمچەماڵ دەکرێت گەورەترین کێڵگەی گاز بێت لە تەواوی عێراقدا، وەک لەوێنەی(1)دا ئاماژەی بۆکراوە. لە ئێستادا بەرهەمی گازی کۆرمۆر گاز بۆ وێستگەکانی کارەبای چەمچەماڵ و بازیان، وێستگەی هەولێر-خورمەڵە و سێمێڵ و بەشێک بۆ کەرکوک و موسڵیش دەنێردرێت.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)





**وێنەی (1)، سەرچاوە:** https://www.pearlpetroleum.com

لەهەمان کاتدا، لەسنوری پارێزگای هەولێر چوار زۆنی سەرەکی وەک ناوچەی وەبەرهێنانی گازی سروشتی دیاریکراوە، وەک لە وێنەی (2)دا ئاماژەی بۆ کراوە، یەکەم ناوچەی چیای تاوروس بوو، شلەی قورس و مامناوەندی تێدایە، دووەم بە گردی تاوروس ناسراوە کە کە گەورەترین ناوچەی سەرچاوەی ووزەیە لەناوچەکە دا، ناوچەی سێیەم ناوچەی زاگرۆسە کە ناوچەیەکی گرنگە و نزیکە لەبوریی و کێڵگەگانی نەوتی کەکوک، کۆتا زۆن بۆ گازی سروشتی پشتێنەی ناوچەکانی دەوروبەری چیای زاگرۆزە[7].

لەپشتێنەی چیاکانی زاگرۆز، لە کێڵگەکانی باوی و میران بە 238 ملیار مەتر سێجا یەدەگی گازی سروشتی مەزەندە دەکرێت، گەورەترین ناوچەی سەرچاوەکانی ووزەیە لەسنوری پارێزگای هەولێر، لەبەرامبەردا کۆمپانیای ئۆریکس پیترۆلیۆم بەرنامەیەکی چڕی خەمڵاندن لە (کێڵگەی دەمیر داغ) ئەنجام دابوو، چاوەڕێی داهاتوویەکی قازانج بەخشی لێدەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەمان کۆمپانیا (کێڵگەی دەمیر داغ 2 )ڕاگەیاند.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




وێنەی (2)، سەرچاوە: **Oryx Petroleum Investor Presentation Jan 2014**

هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە یەدەگی گازی سروشتی، بەپێی لێکۆڵینەوە لەباروخی ئابووری هەرێمی کوردستان، ئەوەدەردەخات کە ئابوورییەکەی بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەداهاتە نەوتیەکان دەبەستێت، بەڕێوەبردنی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان، هەیە مامەڵەی بازرگانی بە گازی سروشتی کرابێت بەشێوەیەک کە هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کرابێت، بێگومان بەشێک لەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی بەڕێوەبردنی نەوت بونەتەوە هەرێمی کوردستان بەهەمان شێوە ڕووبەڕووی بەرهەمهێنانی گازی سروشتیش دەبنەوە وەکو ناڕوونی لە بەڕێوەبردن و هەڵبەزوو دابەزی نرخی گازی سروشتی لە جیهاندا[3].

جۆراوجۆربوون لە کەرتی وزەدا ڕۆڵی پێشەنگی کەرتی گشتی لە گەشەسەندندا دەپارێزێت، تاوەکو پیشەسازییە گەورەکانی وەک پترۆکیمیاویو ئەلەمنیۆم و پۆڵا لەسەر بنەمای نەوت، وزە یەکی زۆر و بە چڕی لەلایەن دەوڵەتەوە یارمەتی دراوە[9]، لەکاتێکدا دەکرێت هەممەجۆری ئابوری بەدیبهێنرێت لەسێکتەری ووزەدا[10]، سەرەڕای ئەوەی پێکهێنانی بوودجەی گشتی لەوڵاتی عیراق بەشێوازێکی سەرەکی پشت بەداهاتە نەوتیەکان دەبەستێت[9]، لەگەڵ ئەوەشدا دکرێت سود لەسەرچاوەکانی گازی سروشتی وەربگیرێت وەک لەسیناریۆکانی لەبەشی (1-2) ئاماژەی پێدراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## باسی دووەم/ گازی سروشتی وەک سەرچاوەیەکی وزە بۆ وەبەرهێنان.

لەگرنگیەکانی بەکارخستنی گازی سروشتی لە پرۆسێسی بەرهەم هێنان برتییە لە ئاسانی بەکارهێنانی و کەمی پاشەڕۆی هەروەها فاکتەرێکی گرنگە لەبەرهەم هێنانی وزەی شل، گازی سروشتی گونجاوترین سەرچاوەی وزەی نوێ نەبووەوەیە بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و پیشەسازی لە جیهاندا، بەکارهێنای ئەم سەرچاوەیەی وزە بە شێوەیەکی زۆر خێرا لە گەشە کردندایە بەشێوەیەک لەنێوان سالآنی (2017 - 2018) ڕێژەی خواست لەسەر ئەم سەرچاوەیەی وزە (4.9%) زیادی کردووە، لە ساڵی (2018) -دا پێداویستی جیهان گەیشتووەتە نزیکەی (3922) ملیار مەتر سێجا. هەرێمی کوردستان لەسەرەتای هەنگاونانە بەرەو بەبازاڕ کردنی گازی سروشتی و وەبەرهێنان لەگازدا، دەوڵەمەندی ناوچەکە بووە بە جێی سەرنجی چەندین کۆمپانیای گەروەو و دەوڵەتی جیاواز، ئەمە دەرفەتێکی باشە بۆ سوود وەرگرتن لەگازی سروشتی و بەکارهێنانی لەهەمەجۆرکردنی داهاتی گشتی و ئابورییەکەی، بەهۆی نوێیی پرۆسێسەکە دەکرێت چەند سیناریۆیەکی جیاواز دابنرێت بۆ وەبەرهێنان و بەبازاڕکردنی گازی سروشتی لەهەرێمی کوردستان.

## سیناریۆیی یەکەم

### بەبازاڕکردنی گازی سروسشتی و وەبەرهێنانی وزەی کارەبا

باشترین ستراتیژ بۆ بەبازاڕکردنی گازی سروسشتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دەکرێت لە بازاڕی ناوخۆ جێبەجێ بکرێت یان لەسەرئاستی بازرگانی و ئاڵوگۆڕ، عەقڵانیەتی بونیادنانی ستراتیژ بریتییە لە ئاستەکانی نرخ بڵاوبونەوەی لە نێوان بازاڕەکان لەسەر بنەمای هاوردەکردنی گاز یان هەناردەکردن لە بەرهەمی شێوەبەندییە جۆراوجۆرەکاندا[11]، دەکرێت بنیاتنانی ستراتیژ پێوەری پڕکردنەوەی پێداویستی ووزەی کارەبای عێراق بێت.

لەکێشە گەورەکانی عێراق دابینکردنی کارەبایە بۆ هاونیشتمانیانی، سەرەتاکانی ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی کەنداوی ساڵی (1991)، پێش دەستپێکردنی شەر حکومەت توانای

دابینکردنی(87%)-ی کارەبای هەبوو، بەڵام شەڕ بووە هۆکاری لەناوبردنی نزیکەی (70%)-ی سەرچاوەکانی کارەبا، بەشێوەیەک(80%)-ی یەکەکانی تۆڕباینە گازییەکان لەکار کەوتن و ئەو یەکانە کەمبونەوە بۆ نزیکەی(50) یەکەی بەرهەمهێنانی کارەبا کە ئەوانیش توانای دابینکردنی (2،325) مێگاواتیان هەبووە، بەڵام پێش دەسپێکردنی شەڕ توانای بەرهەمهێنانی کارەبا لەمووڵاتەدا نزیکەی (5،100)مێگاوات بووە.

حکومەتی عێراق نزیکەی (40) ملیار دۆلاری بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا خەرجکراوە، بەڵام نەتوانراوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، ئەمە جگە لەوەی مەزەندە دەکرێت نزیکەی(30) ملیار دۆلاری تر پێویست بێت بۆ چارەسەری کۆنکرێتیانەی کێشەکە، لە ئێستادا عێراق پێویستی بە نزیکەی (25) هەزار مێگاوات کارەبا هەیە، بەڵام توانای دابینکردنی نزیکەی (15 - 16) هەزار مێگاواتە، لەم بڕە نزیکەی(1200 تا 1500) میگاواتی لە ئێران دەکڕێت، ئەم برە کارەبایە نزیکەی(37 - 38) ملیۆن مەتر سێجا گازی سروشتی پێویستە و عێراق نزیکەی(3.5) تا چوار ملیار دۆلار ساڵانە دادەتە ئێران لەبری ئەو بڕە لە گازی سروشتی و دابینکردنی ئەو بڕە لەکارەبا[12]، هەرچەندە ئەو برە پارە زۆرە کە لە کڕینی کارەبادا دەدرێت بە ئێران بارگرانییەکی زۆری ئابووری لەسەر عێراق دروستکردووە، بەڵام عێراق تا ڕادەیەک لە بەشێک لە کێشەی کارەبا بەتایبەت بۆ پارێزگاکانی بەسرە و دیالە و مەیسان رزگار کردووە و پێناچێت عێراق بتوانێت دەست هەڵبگریت لە ڕێککەوتنی کڕینی کارەبا و گازی سروشتی لە ئێران لە ژێر فشارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا[13].

لە چوارچێوەی سزا ئابووری و سیاسییەکان بۆ سەر ئێران، چونکە بەدەرچون لەو ڕێککەوتنە، قەیرانی کارەبا زۆرتر دەبێت لەبەر ئەوەی لە ئێستاشدا حکومەت تەنها توانای دابینکردنی(60%)-ی کارەبای هەیە بەو بڕەیەشەوە کە لە ئێرانەوە هاوردەی دەکات. لەکاتێکدا عێراق پێویستی بە نزیکەی (70) ملیۆن مەتر سێجا گازی سروشتی هەیە بۆ دابینکردنی کارەبای تەواوەتی، جگە لەوەی کە بەشێکی تری سەرچاوەی دابینکردنی کارەبا سەرچاوەکانی تری وزە یە جگە لە گازی سروشتی. ئەمە لە کاتێکدایە لە دوایین سەردانی "علی عەبدولئەمیر عەلاوی"، وەزیری دارایی عێڕاق بۆ عەرەبستانی سعودی لە ڕێککەوتی(2020/5/23)، ڕایگەیاندووە کە عێراق پابەندی سزاکانی ئەمەریکا بۆ سەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئێران دەبێت و کرینی کارەبا و گاز لە ئێران ڕادەگرێت و لە بری ئەو، ڕێککەوتنی کڕینی وزە لە عەرەبستانی سعودی ئەنجام دەدات.

هەرچەندە عێراق و هەرێمی کوردستان خاوەنی بڕێکی زۆری یەدەکی گازی سروشتین، بەڵام هەتاوەکو ئێستا نەتوانراوە کارەبای پێویست دابین بکرێت، یەدەکی گازی سروشتی کوردستان بەنزیکەی(200) تریلیۆن پێ سێجا دەخەملێنرێت، کە دەکاتە (5.67) تریلیۆن مەتر سێ جا ، ئەم بڕە نزیکەی(3%)-ی یەدەکی جیهانە، هەرچی یەدەکی گازی عێراقە نزیکەی(112) تریلیۆن پێ سێجایە کە دەکاتە نزیکەی(1.6%)-ی یەدەکی جیهانی، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرە بەراورد بەگازی سروشتی ناوچەکەو هۆکاری ئەوەیە کە عێراق و هەرێمی کوردستانی کردووە بەناوچەیەکی ستراتیژی گرنگ بۆ سێکتەری وزە و سەرچاوە سروشتیەکان.

ستراتیژی بەبازاڕکردنی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان دەکرێت لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراق بێت لەلایەک بەهۆی پێویستی زۆری بۆ دابینکردنی کارەباو لەلایەکی تر بەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی عێراقدایە، ئەرکی حکومەتی عێراقە بوودجەی پارێزگاکانی عێراق دابین بکات، هەروەها عێراق بارودخی ناسەقامگیرە لەڕووی سیاسی و ئابوروری و ئەمنییەوە، کەبەردەوام هەڕەشەی تیرۆری لەسەرە[16]، هەروەها پێویستە پێداچوونەوە بکرێت بەپەیوەندیەکانی لەگەڵ عێراق و بەشێک لەپێویستییەکانی پڕ بکاتەوە لەسێکتەری کارەبا بە میکانیزم و ڕێسای نرخدانان لەپێناو ڕێکەوتنی بازارگانی پەیوەندی بازرگانی و ڕاکێشانی خواستی حکومەتی عێراق بەنرخێکی کەمتر بەراوورد بەبازاڕی دەرەکی و ئاستی بازاڕی نێودەوڵەتی[14].

**میکانیزمی ستراتیجی بەبازاڕکردنی گازی سروشتی ئەویش بریتیە لە:**

1- جێبەجێ کردنی میکانیزمی بەرژەوەندی هاوبەش و زۆرترین فرۆش.
2- فرۆشتنی ووزەی بەرهەم هێنراو لەسەر بنەمای هەناردەی ساڵانە، بەپێوەری بازاڕی ئایندە (Future market)، کەمتر لە نرخی بەبازاڕی ڕۆژ.
3- فرۆشتنبەرهەم هێنراو لەسەر بنەمای هەناردەی مانگانە، بەپێوەری بازاڕی داهاتوو ( Future market)، کەمتر لە نرخی بەبازاڕی ڕۆژ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4- فرۆشتنی بەرهەم هێنراو لەسەر بنەمای هەناردەی ڕۆژانە، بەپێوەری کەمتر لە نرخی بەبازاڕی ڕۆژ.
5- تێچووی سیستەمەکانی گواستنەوە: ستراتیژی هەناردەی ووزەی کارەبا بەپێی پێوەری پارێزگاکان.

بەپێی بیردۆزەی مارکێنتلیەکان (بازارگەرەکان)، دەرئەنجامی زۆرترین فرۆش، بەدیهێنانی قازانیجی زۆر و بووژانەوەی سێکتەرە جیاوازەکانی ئابوری و فرەیی سەرچاوەکانی داهات دەستەبەر ئەکات، سەرەڕای ئەوەی بونیادنانی پەیوەندی بازرگانی و بەرژەوەندی هاوبەش بەدیدێت.

## سیناریۆیی دووەم

### تورکیا و ئەوروپا وەک بازارێک بۆ فرۆشتنی گازی هەرێمی کوردستان

تورکیا وڵاتێکی پیشەسازی گەورەیە، بەپلەی یەکەم پەیوەندی بەشوێن و هەڵکەوتەی جوگرافیاکەیەوە هەیە، ئەم ووڵاتە پردی گواستنەوەی کەرەستەی خاوە بەتایبەتی نەوت و گازی سروشتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ ئەوروپا و گواستنەوەی بەرهەمە پیشەسازییەکان بەپێچەوانەوە، چونکە خاوەنی کەناری ئاوییە لەسەر دەریای ڕەش و دەریای سپی ناوەڕاست، تورکیا چەندین ساڵە بەپەرۆشەوە گەڕان و پشکنینی لە ووڵاتەکەی دەست پێکردووە بەهیوای دۆزینەوەی سەرچاوەکانی ووزە، بەڵام تا ئێستا سەرلەبەری هەوڵەکانی بێسوود بووە و نەوت و گازی سەلمێنراوی بەدەست نەخستووە، هەموو توانای ئەم وڵاتە بۆ بەرهەمهێنانی نەوت ڕۆژانە کەمترە لە (50) هەزار بەرمیل و بەرهەمهێنانی گازی سروشتی بە بڕی (632) ملیۆن مەتر سێ جای ساڵانە، بەڵام بڕی پێویستی ڕۆژانەی نەوت لەو وڵاتە نزیکەی (850) هەزار بەرمیل نەوت و بڕی (43) ملیار و (600) ملیۆن مەتر سێ جا گازی سروشتییە لە ساڵێکدا[15].

تورکیا لەئێستادا بەکاربەرێکی بەهێزی گازی سروشتی شەیڵ گازە، ئەمەش وایکردووە ببێت بەسێیەم وڵاتی هاوردەکاری سەرچاوەکانی ووزە بەتایبەتی گازی سروشتی لەسەر ئاستی بازاڕی ئەوروپی، لەناوخۆی تورکیا سەرچاوەکانی وەزە بەپێی پێویست نین، لەتوانایدا نیە چارەکێکی وەزەی پێویست لە ناوخۆ بەرهەمی بهێنێت، ئەوەی هەیە بریتیە لەسەرچاوەی وزە ی با بڕێکی کەم

لەنەوت و گازی سروشتی دۆزراوەتەوە لەژێردەریای سپی ناوەڕاست کەهێشتا تەنها لەڕاگەیاندنەکانی تورکیا سەرۆکی ئەو دەوڵەتە اردۆغان باس کراوە[14].

بەکارهینانی ڕێژەی زۆری سەرچاوەکانی ووزە، تورکیا بووە بەیاریزانێکای سەرەکی لەناوچەکەدا، هەروەها گەورەترین هەناردەکاری کاڵاو خزمەتگوزارییەکانە، بەجۆرێک ووڵاتی تورکیا یەکێک لەسەرەکیترین سەرچاوەی داهاتەکانی بریتیە بازرگانی کردن. لەبەر ئەوە تورکیا بەردەوام بەهەر ڕێگەیەک بێت لەهەوڵی بەدەست هێنانی سەرچاوەکانی ووزە ئەبێت بەتایبەتی گازی سروشتی، ڕووسیا سەرچاوەی یەکەمی گازی سروشتییە بۆ تورکیا کە (58%) ی پێداویستیەکانی گازی سروشتی بۆ پڕ ئەکاتەوە، دوای ئەویش تورکیا (19%) ی گازی سروشتی لە ئێران، پاشان (9%) لە جەزائیر و (3%) ی لە نەیجیریاوە هاوردەئەکات. جگە لەوەی بەهۆی سزاکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران تورکیا پابەند بووە بەوەی نەوت و غاز لە ئێرانەوە هاوردە نەکات. لە لە ماوەی نێوان ساڵانی (2009 بۆ 2019) تورکیا ساڵانە بە بەهای (46 - 60) ملیار دۆلار گازی سروشتی کڕیوە. کەواتە تورکیا پێویستی بە وزە یە بۆیە هەڵپە ئەکات لەناوچەکەدا.

هەڵپەی تورکیا بۆ بەدەست هێنانی گازی سروشتی و هەوڵە بەردەوام کانی بۆ فراوانخوازی، بەهێزترین هاوپەیمانی ستراتیجی خۆی نیگەران کردووە کە ئەمریکایە، لەلایەک لە لیبیا و سوریا و عێراق-هەرێمی کوردستان لەلایەکی تر لبنان و ئەردەن و مێر کەلەناو سەروەری زۆرترین درواسێکانی دەست وەردان دەکات، ئەمەش ووڵاتی تورکیای کردووە بە جێی باسی ناوەندە ئەمنی و دەوڵتە بەهێزەکانی جیهان.

بەپێی سەرچاوە فەرمیی و نافەرمییەکان تورکیا و هەرێمی کوردستان ڕێکەوتنی پەنجا ساڵیان ئەنجام داوە بۆ سەرچاوەکانی ووزە، بەڵام تائێستا ناوەرۆکی ڕێکەوتنەکە نادیارە و هیچ خاڵێکی بۆ ناوەندە زانستی و ئەکادیمیەکان و هاوڵاتیان نەخراوەتە ڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەفەرمی تائێستا هەناردەی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان دەستی پێنەکردووە، لەگەڵ ئەوەی هیچ میکانیزمێکی جیهانی و ستراتیژی بازرگانی نییە کە زامن کردنی قازانجی هەمیشەیی بێت، لەگەڵ ئەوەشدا سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تورکیایی کردووە بەدەروازەی ساغ کردنەوەی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرچاوەکانی ووزەی هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەکە لە ئێستادا ناتونێت تێپەڕێنێت، لەبەرئەوە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی لەرادەبەدەری تورکیا و هەڵپەی بۆ سەرچاوەکانی ووزە بەهەند وەربگرێت، بەجۆرێک بەرژەوەندییە ئابوریەکانی هەردوولا لەبەرچاو بگیرێت لەبەرچاو بگرێت. ستراتیجێکی دروست نیە کەتەنها ووڵاتی تورکیا بکرێت بەناوەندی هەناردەی سەرچاوەکانی ووزەی هەرێمی کوردستان، لەکاتێکداهەرێم لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵ دایە و درواسێی ئێران و سوریا و ئەردنە. بۆیە دەکرێت هەرێمی کوردستان ستراتیجی بژاردەی درواسێکانی تر هەڵبسەنگێنێت و بەدواداچوونی ڕاستەقینە بکات بۆ هەڵبژاردنی باشترین قازانج.

تورکیا دڵنیایی بەدەست گەیشتنی گازی سروشتی هەرێمی کوردستانی مسۆگەر کردووە، بەجۆرێک رێککەوتنی درێژخایەنی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام داوە، لەبەرئەوە تورکیا باشترین ستراتیج هەڵئەبژێرێت بۆ دەست گەیشتن بەگازی سروشتی، لەلایک بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی ووزە بۆ ناوخۆی ووڵاتەکەی لەلایەکی تر دەوڵەتەکەی کردووە بەناوەندی بازرگانی و ساغ کردنەوەی سەرچاوەکانی ووزەی هەرێمی کوردستان، هەناردەی بۆ ووڵاتانی تر. لەبەر ئەوە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکاتی دەست پێکردنی پرۆسەی گواستنەوەی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا چەندین سیناریۆ جێ بەجێ بکات[16].

## ا). میکانیزمی ستراتیجی بۆ هەناردە و بەبازاڕکردنی گازی سروشتی هەرێم بۆ تورکیا

1- بازرگانی کردن بە هەناردەی گازی سروشتی لەبازاڕی ووزە، بەپێی پێوەری نرخی رۆژ دەستپێدەکات، واتە، بازاڕی ڕۆژی دواتر، کۆتایی هەفتە، هەفتانە، مانگانە، چارەکەساڵ، گرێبەستی وەرزی، ساڵانە، ئەستەمە هەموو بژاردەکانی چالاکی بازرگانی ئەنجام بدرێت لەیەک کاتدا، بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە، شیکردنەوەی سیناریۆ دیاریکراوەکان بە هەژمارکردنی وەرزی و خواستی گۆڕاو لەسەر بازاڕ ئەنجام دەدرێت.

2- مەزادکردن جێبەجێ بکرێت لەڕێگەی بەشی بەبازاڕکردنی گازی سروستی، کە دەکرێت ببێتە هۆی دەستەبەری شەفافیەت لە قۆناغەکانی داهاتوودا، هەروەها دەبێتە هۆی دروستکردنی بازاڕی دووەمی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان، کەلێرەوە سەرەتای کێبڕکێ دەست پێدەکات، بۆ کۆمپانیا مۆڵەتپێدراوەکانی وزە لە پابەندبوون بە پێشکەشکردن و پەسەندکردنی گومرگ بۆ گاز

سروشتی(12)، لە ڕووی فرۆشتنەوەیان بە کۆمپانیاکانی وزە بۆ دوبارە ئاڵوگۆڕکردن، بەڕادەیەک لەناوچەی کۆفرۆشی بازرگانی گازی سروشتی، مەرجەکان ئەبینن بۆ ناسینەوە وەک بازارێکی پێشبڕکێکار.

3- باوترین ڕێگەی بازرگانی بۆ گازی سروشتی، کە پلەیەک وەرئەگرێت، گرێبەستی داهاتووی بازاڕ (Future market)، واتە گرێبەستی داهاتووی گازی سروشتی، بەجۆرێک ڕێکەوتنێکی دیاریکراو لە گە ڵ بڕێکی دیاریکراو لە گازی سروشتی لە بە ڕوارێکی دیاریکراو، لە داهاتوودا بە نرخی بازاڕی ڕۆژ.

4- گرنگترین بابەت، دەبێت ڕەچاوی دروستکردنی مەرجەکانی بازرگانی هەناردەی گازی سروشتی بکرێت لەو شوێنەی پێی دەگوترێت خاڵی مەجازی بازرگانی گاز ، واتە بازرگانیکردن لە شوێنی فیزیکی خاڵی وەرگرتنی لە ناو تۆڕەکەدا. کەئەمەش دەبێتە هۆی سەرچاوەی گۆڕانکاریی وەرگرتنی بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش.

5- دەکرێت بەبازاڕکردنی گازی سروشتی، بەفرۆشتنی گازی سروشتی پێناسە بکرێت، دەتوانرێت بەبازاڕکردن وەک پرۆسەی بەپیشەسازیکردن کردن ئاماژەی پێبکرێت ، لەئاستی جۆراوجۆردا، بازرگانی هێنانی گازی سروشتی لەکێڵگەوە بۆ بەکارهێنەرانی کۆتایی.

هەرێمی کوردستان بەهۆی زۆری سەرچاوەی گازی سروشتی لەتوانیدا دەبێت گاز بۆ تورکیا و وولاتانی ئەوروپا دابین بکات، چونکە هەرێمی کوردستن خاوەنی نزیکەی(5) تریلیۆن و (67) ملیار مەتر سێ جا گازی سروشتییە و خواستی بەکاربەرانی سەرچاوەکانی وزەی زۆر بەرزە بەتایبەتی لەلایەن ئەوروپاوە. هەرێمی کوردستان دەبوایە لە ساڵی (2020) دەستی بکردایە بە هەناردەکردنی گازی سروشتی و بەپێی ئەو پلانەی کە هەبوو بیتوانیایە (6%)-ی گازی سروشتی ئەوروپا دابین بکات چونکە کۆمپانیای ڕۆسنەفت دەڵێت: ساڵی (2020) گازی کوردستان دەگەیەنینە بازارەکانی ئەوروپا دوای ئەوەی بۆری گواستنەوەی گاز لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دروستدەکرێت، ئەو بۆڕییە توانای گواستنەوەی ساڵانەی بریتییە لە (30) ملیار مەتر سێ جا [16].

**ب). گرنگی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا و ئەوروپا**

ڕێژەی یەدەکی ئامادەی گازی سروشتی لە ئەوروپادا کەمترە بەبەراورد بە هەموو کیشوەرەکانیتری سەر گۆی زەوی؛ وڵاتی "نەرویج" کە زۆرترین یەدەکی گازی هەیە لە نێو هەموو وڵاتانی ئەوروپادا،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بڕەکەی نزیکەی (3،313) ترلیۆن مەتر سێجایە و لە ریزبەندی شازدەهەمین وولاتی زۆرترین یەدەک و هۆڵەنداش لە ریزبەندی بیست و پێنجەمینە بە بڕی (292) ملیار مەتر سێ جا و بەریتانیا-ش لە ریزبەندی چل و یەکەمینی وولاتانە و بری (292) ملیار مەتر سێ جا و هەر یەک لە وولاتانی ئەڵمانیا، پۆڵەندا، فەرەنسا و ئیسپانیا لەم برە کەمتر لە گازی سروشتی لە ژێر خاکەکەیاندا هەیە. هەرچی تورکیا-شە نزیکەی (6) ملیارد و هەشتا و هەشت ملیۆن مەتر سێجا یەدەکی گازی سروشتی هەیە لە ریزبەندی (85)-ی وولاتی دنیادایە لە یەدەکی گازی سروشتی[13].

لەبەرهەمهینانی گازی سروشتیدا هەموو وولاتانی یەکێتی ئەوروپا تەنیا توانای بەرهەمهێنانی نزیکەی (132-300) ملیار مەتر سێجا گازی سروشتیان هەیە ئەم ژمارەیە کەمترە لەنزیکەی چوار هیندەی توانای بەرهەمهێنانی ولاتێکی وەکو ئیران و پێنج هێندەی رووسیا و حەوت هێندەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. سەبارەت بە تورکیا، تەنیا توانای بەرهەمهێنانی بری (632) ملیۆن مەتر سێجا گازی سروشتی هەیە کە رێژەیەکی زۆر کەمە و لە ریزبەندی (68)-ەمین وولاتانی دنیادایە. عێراقیش توانای بەرهەمهینانی بەبەراورد بەیەدەکی گازە سروشتییەکەی زۆر کەمەو تەنها نزیکەی (880) ملیۆن مەتر سێجایە لە ریزبەندی (65)ە مین وولاتی دنیایە. نەرویج و هۆڵەنداو بەریتانیا لە ریزی ئەو وولاتانەی ئەوروپادان کە توانای زۆرترین بەرهەمهێنانی گازی سروشتیان هەیە[17].

یەکێتی ئەوروپا لەسەر ئاستی جیهان دووەمین گەورەترین بەکارهێنەری گازی سروشتییە لە دوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە ئەمریکا سالانە نزیکەی (778) ملیار مەتر سێجا و یەکێتی ئەوروپا (458.5) ملیار مەتر سێجا گازی سروشتی بەکار دەهێنن. هەریەک لە وولاتەکانی ئەڵمانیا، ئیتالیا، بەریتانیا، تورکیا، فەرەنسا، هۆڵەندا، ئۆکرانیا، ئیسپانیا، رۆمانیا، پۆڵەندا، نەرویج، ئێرلەندا، دانیمارک، یۆنان، کرواتیا، فیلەندا و سوید بە دوای یەکدا گەورەترین بەکارهێنەرانی گازی سروشتین لە ئەوروپادا، بەشێوەیەک ئەڵمانیا بری (92،010) ملیار مەتر سێ جاو ئیتالیا (75،150)ملیار مەتر سێجاو بەریتانیا (79،562)ملیار مەتر سێ جا گازی سروشتی بەکاردەهێنن بۆ هەر ساڵێک[10].

سیستەمی ئاڵوگۆڕ و وەبەرهێنانی گازی سروشتی لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تری ئەوروپی جیاوازە، بۆ نموونە جیاوازی میکانیزمی نرخ لە نێوان پۆڵەندا و ئەڵمانیا و پۆڵەندا و کۆماری چیک. لەگەڵ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەشدا میکانیزمی بەدەست خستنی گازی سروشتی لەپۆڵەندا بەجۆرێکە کە تێچووی گواستنەوەی ئەدات بەلایەنی هەناردەکار و کۆمپانیای گوێزەرەوە، بەڵام ئەڵمانیا بۆ بەدەست هێنانی گازی سروشتی ئەرکی تێچوونی گواستنەوە لەئەستۆ ناگرێت، میکانیزمەکانی بازاڕ کە لە پۆڵەندا کار دەکەن بەهۆی بەستنەوەی سیستەم لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ ڕێگە بە بەشداری کارا و بەشداری ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکان ئەدات، لەبەرئەوە هیچ میکانیزمێکی جیهانی و ستراتیژی بازرگانی نییە کە زامنی ئاڵو گۆڕی هەمیشەیی بێت[9].

لە هاوردەکردنی گازی سروشتیدا یەکێتی ئەوروپا لە ریزی یەکەمی هاوردەکاراندایە و نزیکەی نیوەی گازی هاوردەکراوی جیهان لەلایەن ئەو یەکێتیەوەیە، بەبری (420،600) ملیار مەتر سێ جا سالانە. زۆرترین ڕێژەش لەلایەن ئەڵمانیا، ئیتاليا، بەریتانیا، فەرەنسا و هۆڵەندا-وە بووە بە شێوەیەک کە ئەڵمانیا (99،630) ملیار مەتر سێ جا و ئیتاليا (70،200) ملیار مەتر سێ جاو بەریتانیا (53،630) ملیار مەتر سێجا گازی سروشتیان هاوردە کردووە. تورکیاش وەکو یەکێک لە ووڵاتانی هاوردەکاری جیهان ریزبەندی نۆیەمین وەرگرتووە و ساڵانە نزیکەی (38) ملیار و (4) ملیۆن مەتر سێجا گازی سروشتی هاوردە دەکات. سەبارەت بە هەناردەکردنی گازەوە لەلایەن ووڵاتانی ئەوروپا، بازرگانییەکە بە برێکی زۆر کەم و لە نیوان چەند ووڵاتێکی دیاریکراودا ئەنجام دەدرێت[14].

گازی سروشتی بۆ ووڵاتی ئەوروپا ئێجگاری گرنگە، بەپێی ڕێکەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای رۆزنەفت کە دەیخەنە بواری جێبەجێکردنەوە، بەشێکی بریتییە لە دامەزراندنی بۆرییەکی گواستنەوەی گازی سروشتی بۆ تورکیا و لەویشەوە بۆ ووڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، دەکرێت هەرێمی کوردستان سوود لەم دەرفەتەگرنگە وەربگرێت هەموو تواناکانی خۆی وەگەربخات لەپێناو جدیەت لەجێ بەجێ کردن و خێراکردنی پرۆسێسی ڕێکەوتنەکە، لەبەرئەوەی لەلایەک پێویستی لەڕادەبەدەری ئەورپا بۆ گازی سروشتی و لەلایەکی تر پێویستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەبازاڕکردن و ساغ کردنەوەی گازی سروشتیەکەی، لەو هۆکارانان کەدکرێت پەرە بەو رێکەوتنە بدرێت، گەیاندنی گازی سروشتی بە ووڵاتانی ئەوروپا چەندین سوود لایەنی بەهێزی هەیە، لەلایەک بۆ زیاتر بوونی پەیوەندییە دیبلۆماسی و سیاسیەکان لەلایەکی بۆ بەدەست خستنی داهاتی زیاتر بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

حکومەت، کە ئەمەش یەکێکە لەو فاکتەرە گرانگانەی دەکرێت هەمەجۆری داهات بەدیبێت لەناو سێکتەری ووزەدا.

## سیناریۆی سێهەم

### بەبازاڕکردنی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان.

بەهۆی بوونی رێژەی زۆری یەگی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان- عێراق، هەرێمی کوردستان بووە بە شوێنێکی سەرنجراکێش بۆ وەبەرهێنان، چەندین کۆمپانیاو دەوڵـەتی بەهێز مەبەستیانە لەهەرێمی کوردستان وەبەرهێنان بکەن، ئەوەی بۆ کۆمپانیا و لایەنی وەبەرهێنەر گرنگە فەراهەم کردنی ژینگەیەکی لەبارە بۆ وەبەرهێنان، بەجۆرێک کە سەرمایەیەی وەبەرهێنەر دڵنیایی هەبێت و دوور بێت لەمەترسی، وولاتی ئەمریکا لەرێگەی وەزارەتی دەرەوەی پاڵپشتی سەقامیگیری هەرێم دەکات بەمەبەستی چاکسازی و ژینگەیەکی بازرگانی شەفافتر و کێبڕکێکردن بۆ بەرزکرنەوەی و توانای ئابوری، لەلایەکی تر مەبەستی ئەمریکایە رێکەوتنی سیاسی نێوان لایەنەکان لەهەرێمی کوردستان دروست ببێت، کەکێشەیە بۆ سێکتەری ووزە و ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکانی هەرێم و بەغداد.

پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهەموو توانایەوە هەوڵی زیاتر بدات و پاڵپشتیەکانی ئەمریکا وەک دەرفەت و ستراتیجی وەبەرهێنان و ڕاکێشانی کۆمپانیا گەورەکانی بواری بازرگانی سەرچاوەکانی ووزە سەیربکات. سەرەڕای ئەم دەرفەتە گرنگانەی کەلەبەردەم ئایندەی سەرچاوەکانی ووزەی هەرێمی کوردستانە، لەگەڵ ئەمانەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین ڕێکەوتنی لەسەر وەبەرهێنانی سەرچاوەکانی وزە ئیمزاکردووە.

رێکەوتنی نێوان کۆمپانیای روسنەفت و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێکی بریتییە لە دامەزراندنی بۆرییەکی گواستنەوەی گازی سروشتی بۆ تورکیا و لەوێشەوە بۆ وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، هەروەها بەشێکی ئەو گازە بۆ پێداویستی وێستگەکانی کارەبا و کارگەکان بەکاربهێنرێت، توانای دابینکردنی ڕۆژانەی گازی سروشتی لە لایەن هەرێمی کوردستان تەنها بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بریتییە لە (400) ملیۆن پێ سێجا گازی سروشتی کە دەکاتە نزیکەی (113,268) مەتر سێ جا بۆ دوو وێستگەی کارەبا لە سلێمانی و یەک وێستگە لە هەولێر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تواناى هەناردەکردنى ساڵانەى گازى سروشتى لەم بۆریەوە بریتیە لە (30) ملیار مەتر سێ جا کە دەکاتە (6%)-ی خواستى ئەوروپا بۆ گازی سرووشتى، لە ساڵى (2019) کارەکانى ئەم بۆرییە دەبوایە تەواو ببوایە و لە ساڵى (2020) هەناردەکردن دەستپێبکردایە. دامەزراندنى ئەو بۆڕییە لەلایەن روسنەفتەوە بەپێى سیستمى واتە(BOOT) دروستکردن، خاوەندارییەتى کردن، بەکارخستن و هەناردەکردن دەبیت[19].

هەروەها بەپێى ڕێکەوتنى حکومەتى هەرێمى کوردستان و کۆنسۆرتیۆمی کۆمپانیاکانى (دانا گاز، هیلال، پیترۆلیۆمى نێودەوڵەتى و پێرڵ پترۆلیۆم) کە لە ساڵى(2017) ڕێکەوتنى لەسەر کراوە، دەبێت تواناى بەرهەمهێنانى گاز لە لایەن پێرڵ زیاتر بکرێت لە کێڵگەی کۆرمۆر بە تواناى (500) ملیۆن پێ سێ جا لە ڕۆژێکدا، لەماوەى دوو ساڵدا ڕێژەى بەرهەمهێنانى گازى زیادە،(160%) زیاد بکرێت لە هەمان کێڵگە، ئەمە جگە لەوەی لەکێڵگەی کۆرمۆر بلۆکەکانى ژمارە (19-20) بەهەمان مەرجەکانى ڕێککەوتنى نێوان هەردوولا لە بلۆکى کۆرمۆر لەساڵى (2007) بۆ گەڕان و بەرهەمهێنانى گاز و نەوت دەست پێبکات[9-4].

بەپێى ئەو پلانەى کە لەلایەن کۆمپانیاى داناگازەوە دانراوە ، تواناى بەرهەمهێنان لە کێڵگەى کۆرمۆر لە ساڵى(2021) دەگەیەنرێتە نزیکەى (650)ملیۆن مەتر سێجا و لەساڵى (2022) دەگەیەنرێتە نزیکەى(900) ملیۆن مەتر سێ جا لە وێنەى(3)دا، ئاماژە بەناوچەى چەمچەماڵ و کێڵگەى کۆرمۆر کراوە کەگەورەترین کێڵگەى گازى سروشتیە لەهەرێمى کوردستان [12]، لەهەمان کاتدا عێراق هاوشێوەى هەرێمى کوردستان لەپلانى دایە کە ڕێژەى وەبەرهێنانى گازى سروشتى بەرزبکاتەوە بەڕێکەوتن لەگەڵ کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان بەشێوەیەک کەڕۆژانە نزیکەى(23) ملیۆن مەتر سێ جا تواناى بەرهەمهێنانى گازى سروشتى هەیە و زۆربەشى لە پارێزگاى بەصرەیە، ئەمەش ڕێژەیەکى زۆر کەمە بەراورد بە پێداویستى ڕۆژانە، هەرچەندە عێراق بەرنامەى زیادکردنى بەرهەمهێنانى ئەم سەرچاوە سروشتییەى هەیە بۆ نزیکەى (100) ملیون مەتر سێ جا لەساڵى(2025).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




**وێنەی (3)، سەرچاوە:** www.danagas.com/operations/kri

پرۆژەی گازی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2007 دامەزراوە، بەرێکەوتنی کۆمپانیای دانا غاز لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مافی تایبەت بە خەمڵاندن و پەرەپێدان و بەرهەمهێنان و بازاڕ و فرۆشتنی هایدرۆکاربۆنی کێڵگەکانی کۆرمۆر لە چەمچەماڵ.

## دەرئەنجام

داهاتوی دیمۆگرافی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان-عێراق، بەهۆی بوونی یەدەگی (5) تریلیۆن و (67) میلیار مەتر سێجا گازی سروشتییەوە، گرنگ و ستراتیژی دەبێت، دەرکەوتووە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1- ئەمریکا لەڕێگەی وەزارەتی دەرەوەی پاڵپشتی سەقامیگیری هەرێم دەکات بەمەبەستی چاکسازی و ژینگەیەکی بازرگانی شەفافتر و کێبڕکێکردن بۆ بەرزکرنەوەی و توانای ئابوری، هاوشان ئەم پشتیوانیە کۆمپانیاکانی ئێکسۆن مۆبیل و شیفرۆن و دانا گاز و ڕۆزنفت، لەگەورە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی سێکتەری وزەن لەهەرێمی کوردستان ئەوانیش ئامانجیان سەقامگیری هەرێمی کوردستانە.
2- دامەزراندنی بۆری گواستنەوەی گواستنەوەی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا و لەوێشەوە بۆ وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، بەپێی ڕێکەوتنی نێوان کۆمپانیای روسنەفت و حکومەتی هەرێمی کوردستان، سوودی دەبێت بۆ هەمەجۆرکردنی ئابوری هەرێمی کوردستان.
3- پێویستی زۆری تورکیا و ووڵاتانی ئەوروپی بۆ گازی سروشتی، دەرفەتی زیاتر لەبەردەم هەرێمی کوردستان دەکاتەوە بۆ وەبەرهێنانی زیاتر و گرنگی دانی زیاتری حکومەت بۆ گازی سروشتی، لەپێناو گەیاندنی گازی هەرێمی کوردستان بۆ ووڵاتانی ئەوروپی.
4- دابینکردنی ڕۆژانەی گازی سروشتی لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بریتییە لە (400) ملیۆن پێ سێجا گازی سروشتی کە دەکاتە نزیکەی (113،268) مەتر سێ جا بۆ دوو وێستگەی کارەبا لە سلێمانی و یەک وێستگە لە هەولێر.

## پێشنیازەکان

1- پەسەند کردنی سیناریۆی یەکەم: بەبازاڕکردنی گازی سروسشتی و وەبەرهێنانی وزەی کارەبا لەچوارچێوەی میکانیزمی ستراتیجی بەبازاڕکردنی گازی سروشتی. بەپێی بەرژەوەندی هاوبەش. هەروەها پەیڕەو کردنی هەناردەی ساڵانە- مانگانە- ڕۆژانە بە پێوەری پارێزگاکان.
2- پەسەند کردنی سیناریۆی دووەم: لەبەرچاو گرتنی پێویستی لەرادەبەدەری تورکیا و ئەوروپا گازی سروشتی بەئامانجگرتنیان بۆ بەبازاڕکردنی گاز. لەچوارچێوەی میکانیزمی ستراتیجی بۆ هەنارده و بەبازاڕکردنی گازی سروشتی هەرێم بۆ تورکیا، بەپێی هەناردەی گازی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سروشتی، بەپێی پێوەری بازاڕی ڕۆژی دواتر، کۆتایی هەفتە، هەفتانە، مانگانە، چارەکە ساڵ، گرێبەستی وەرزی، ساڵانە- مەزادکردن - گرێبەستی داهاتووی بازاڕ- بەپیشەسازیکردن.

3- پەسەندکردنی سیناریۆی سێهەم: بەبازاڕکردنی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان. لەچوارچێوەی فەراهەم کردنی ژینگەیەکی لەبارە بۆ وەبەرهێنان، بەجۆرێک کە سەرمایەیەی وەبەرهێنەر دڵنیایی هەبێت و دوور بێت لەمەترسی- پاڵپشتیەکانی ئەمریکا وەک دەرفەت و ستراتیجی وەبەرهێنان و ڕاکێشانی کۆمپانیا گەورەکانی بواری بازرگانی سەرچاوەکانی ووزە سەیربکرێت.

4- گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ خێراتر کردنی ڕێکەوتنی نێوان کۆمپانیای ڕۆژنەفت- داناگاز- بە بونیاد نانی بۆری گواستنەوەی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا و وڵاتانی ئەوروپی.

هەرێمی کوردستان بۆ دابین کردنی لایەنی دارایی بەشێوازێکی سەرەکی پشت سێکتەری وزە دەبەستێت بەتایبەتی داهاتی نەوت، بەپێیی دەرئەنجامەکان ئەکرێت بەجێ بەجێ کردنی خاڵەکانی سەرەوە و گرنگیدانی زیاتر بەگازی سروشتی، بەپێی تیۆرە ئابورییە جیاوازەکان هەمەجۆری ئابوری لەکوردستان بەدیدێت واتە جیاوازی داهات، لەناو سێکتەری وزەدا، بەواتای(داهاتی نەوت و داهاتی گاز).

## سەرچاوەکان

[1] Harsem, Ø., Eide, A., & Heen, K. (2011). Factors influencing future oil and gas prospects in the Arctic. *Energy policy*, *39*(12), 8037-8045.

[2] Abdulrahman, S. A. (2020). Water Shortage in Iraq's Kurdistan Region: Problems with Iran and Possible Solutions. *The Middle East Journal*, *74*(3), 451-460.

[3] Al Zayer, F. (2020). *Opec annual statistical bulletin*. Technical report, Organization of the Petroleum Exporting Countries.

[4]Hasan, Q. M. (2019). The power of constitution for enacting energy law and managing natural resources: The case of the Kurdistan Regional Government's oil contracts. *Energy Policy*, *128*, 744-751.

[5] by fuel type-Exajoules, C., & Emissions, C. D. (2016). bp Statistical Review of World Energy June

2020.
[6] Erfani, A., Fallah-Jokandan, E., & Varaminian, F. (2017). Effects of non-ionic surfactants on formation kinetics of structure H hydrate regarding transportation and storage of natural gas. *Journal of Natural Gas Science and Engineering*, *37*, 397-408.
[7] Tavakkoli, S., Lokare, O. R., Vidic, R. D., & Khanna, V. (2016). Systems-level analysis of waste heat recovery opportunities from natural gas compressor stations in the United States. *ACS Sustainable Chemistry & Engineering*, *4*(7), 3618-3626.
[8] Lustenberger, P., Schumacher, F., Spada, M., Burgherr, P., & Stojadinovic, B. (2019). Assessing the performance of the european natural gas network for selected supply disruption scenarios using open-source information. *Energies*, *12*(24), 4685.
[9] Payne, J. (2021). The Missing MSRI in Iraq: The Southern Opportunity. In *China's Maritime Silk Road Initiative, Africa, and the Middle East* (pp. 199-225). Palgrave Macmillan, Singapore.
[10] Mete, G. (2020). Now and Then: The Future of Gas Infrastructure in the EU. In *Energy Transitions and the Future of Gas in the EU* (pp. 139-197). Palgrave Macmillan, Cham.
[11] Morton, M. Q. (2015). River of Oil: Early Oil Exploration in Iraq.
[12] Samad, T., & Kiliccote, S. (2017). Smart grid technologies and applications for the industrial sector. *Computers & Chemical Engineering*, *47*, 76-84.
[13] Mills, R. (2018). *Evolution of Energy Fluxes and Cooperation Models in the Middle East*. Istituto Affari Internazionali (IAI).
[14] Wenrui, H. (2009). The present and future of low permeability oil and gas in China. *Engineering Sciences*, *11*(8), 29-37.
[15] Romano, D. (2019). Iraqi Kurdistan and Turkey: Temporary Marriage?. *Middle East Policy*, *22*(1), 89-101.
[16] Sołtysik M., Mucha-Kuś K.: The experience with the functioning of the wholesale gas market in Poland. 14th Scientific and Technical Conference – Gas Market 2014, Nałęczów, 25–27 June 2014 (in Polish).

(17) بێستون محەمەد سەنگاوی، (2017) ڕێککەوتنەکەی حکومەتی هەرێم و کۆمپانیای دانەغاز: ڕاگرتنی زیانی بەردەوام،(13 May 2020) . https://www.milletpress.com/Detail.aspx?Jiamre

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The Role of Natural Gas in the Economic Diversity of the Kurdistan Region

**Hawre Latif Majeed**
Department of Business administration, Kurdistan technical institute, Qaiwan International University, slemani, Kurdistan Region, Iraq
hawre.latef@kti.edu.krd

**Hazhar Omer Mohammed**
Department of Legal Administration, College of Adminstration and Economic, Lebanese French University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
hazharbus@gmail.com

**Beston Muhammed Qadir**
Public Administration and natural Resource - Charmo University
beston.muhammed@charmouniversity.org

**Keywords**: *Natural Gas, Economic Diversification, Marketing, Electricity Production*

## Abstract

The use of energy sources in the world is increasing day by day, especially natural gas, and the Kurdistan Region is a naturally gas-rich region that has a rate of 5.6 trillion cubic meters, which can be a source of income and a role in economic diversity. Gas is a valuable source of electricity production and the resolution of electricity problems in the Kurdistan Region-Iraq.

The study was used within the framework of the west's path to access information and research, the method of research, and the method of marketing at the local, regional and global levels. also, by marketing the natural gas of the Kurdistan Region and providing a suitable environment for investment.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## الملخص:

نسبة احتياط الغاز الطبيعي على مستوى العالم تقدر ب (187) مئة وسبع وثمانون ترليون و (300) ثلاثة مئةمليار متر مكعب , وان نسبة احتياط الغاز الطبيعي في اقليم كوردستان /العراق تقدر ب(3.5 الى 5.6) ترليون متر مكعب , اي بمعنى ان نسبة احتياط الغاز الطبيعي في اقليم كوردستان /العراق هي (3 %) ثلاثة بالمئة على مستوى العالم لذا فأن اقليم كوردستان تأتي بالمرتبة التاسعة من بين الدول العظمى من حيث امتلاكها لاحتياط الغاز الطبيعي واذا ما قورنت بتلك الدول , وهذه الكمية من الاحتياط توزع على مناطق متفرقة في كوردستان العراق والتي تبلغ (57) سبعة وخمسون منطقة. ونظرا للاتفاق المبرم بين حكومة المركز (بغداد) وحكومة الاقليم فأن كمية الانتاج تزداد من (330) ثلاثة مئة وثلاثون مليون متر مكعب الى (900) تسع مئة مليون متر مكعب لليوم الواحد. في كوردستان العراق يتم تجهيز (113286) مئة وثلاثة عشرة الف ومئتان وست وثمانون متر مكعب من الغاز الطبيعي لثلاث محطات كهربائية اثنان منهما في محافظة السليمانية وواحدة في محافظة اربيل لغرض انتاج الطاقة الكهربائية. في سنة 2017 قد تم اتفاقيات بين حكومة اقليم كوردستان والشركات النفطية منها (دانا غاز-هلال- بتروليوم الدولية-بيرل بتروليوم) لزيادة انتاج الغاز الطبيعي في حقل كورمور الى (500) خمسة مئة مليون قدم مكعب لليوم الواحد وزيادة النسبة بمقدار (160 %) مئة وستون بالمئة لتطوير قوة وقدرة التسويق في اقليم كوردستان.

**الكلمات المفتاحية /** شركات متعددة الجنسيات- العلاقات الدولية- الطاقة- الكهرباء- التسويق